# سەرەتای گوتاری نەتەوەسازی لە ڕێگەی مێژوونووسییەوە

## (حوزنی موکریانی و سەرەتای گوتاری مێژوونووسانەی کوردی)

د. ئیسماعیل مەحموودی (*)
(هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

(١- ٢)

**پێشەکی:**

سەرەتای دەرکەوتنی «مێژوونووسیی کوردی»، واتە نووسینی مێژووی تایبەت بە کورد و کوردستان لە شەرەفنامەوە دەست پێ دەکات. «شەرەفنامە» یەکەمین مێژووی کوردستانە کە لە ساڵی (١٠٠٥/١٥٩٦) و لەسەر دەستی شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤٣-١٦٠٣) نووسراوە. (١)

ڕەوتی مێژوونووسیی کوردی پاش شەرەفخان، نەک هەر بۆ چەندان سەدە تووشی پچڕان و دابڕان بوو، تەنانەت تووشی داڕمانیش بوو. بۆ وێنە نزیکی «٢٠٠» ساڵ پاش شەرەفنامە، دووبارە مێژوونووسیی کورستان لەسەر دەستی مێژوونووسانی سەر بە دەسەڵاتی ئەردەڵان دەستی پێ کردەوە، (٢) بەڵام ئەم جارەش نووسینی مێژوو بە زمانی فارسی، ناوچەگەرایی، ستایش و شەرعییەت بەخشین بە دەسەڵاتی سیاسیی حاکمانی ئەردەڵان و پەراوێزخستنی خەڵک، مێژوونووسیی کوردی تووشی دووپاتبوونەوەی کەمبایەخی مێژوونووسیی سوننەتی (تەقلیدی) بوو، بە واتایەک مێژوونووسیی لە نووسینی ڕووداوە سیاسییەکان کورت کرایەوە، ناوچەگەرایی و شەرعییەت بەخشین بە دەسەڵات و ستایشی دەسەڵاتداران و ئەمە لە حاڵێکدا بوو هاوکات مێژوونووسیی مۆدێرن و گوتاری مێژوونووسانەی تورکی و فارسی بۆ نەتەوەسازی لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوە لە سەرهەڵدان و

گەشەسەندندا بوو (٣).

مێژوونووسیی سەردەمی ئەردەڵان، سەرەڕای هەندێک خاڵی ئیجابی، درێژەپێدەری هەمان سوننەتی ڕووداونووسیی پێشوو بوو، تەنانەت بۆ ماوەیەکی دیکە دووبارە مێژوونووسیی ناوچەگەرایانە و سیاسی باو کرایەوە، بۆیە لە کوردستانی ئێراندا هەر ئەم سوننەتە مێژوونووسییە، واتە مێژوونووسیی ناوچەگەرایانە و ڕووداونووسی، یەک لەو هۆکارە سەرەکییانە بوو کە ڕێگەی بە سەرهەڵدانی گوتاری مێژوونووسانەی کورد نەدا، لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین گوتاری مێژوونووسانەی کوردی بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەژێر کاریگەریی کەشوهەوای تازەگەری و ڕۆشنبیریی ئیستەنبوڵدا گواسترایەوە.

ئیستەنبوڵ، یەکەم ناوەندی دنیای ئیسلام بوو لەبەر نزیکی و پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا، هەستی بە پێویستی گۆڕانکاری فەرهەنگی و سیاسی کرد، بۆ یەکەم جار هەر لەم شارەشدا، دەنگی نوێخوازی بە شێوازی ڕۆژئاواییی سەری هەڵدا.

لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری خاکی کورد سەر بە دەسەڵاتی عوسمانی بوو و بەهۆی نیشتەجێبوونی هەندێ کاربەدەستی کوردی سەر بە دەسەڵاتی عوسمانی، گرنگتر لە هەمووی، بانگهێشتی میرانی کورد و نیشتەجێکردن و کردنەوەی یەکەم مەکتەبی عەشایەری (٤) لەسەر دەستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) لە ساڵی (١٨٩٢)دا، ئیستەنبوڵ بوو بە ناوەندی نوێخوازی و مافخوازی خوێندەواران و سیاسەتمەدارانی کورد، هەر لەم شارەدا یەکەم چینی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەداری کوردستان- تەوەر، یەکەم ناوەندە کوردییەکان، سەریان هەڵدا (ڕووهات، ٢٠٠٥ : ٥٧)



**حوزنی موکریانی**

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم و پاش سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ویستی چاکسازی (٥) و تازەگەری و شوناسخوازی لەنێوان نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، دواتر سەرهەڵدانی گوتاری تورکخوازی لە لایەن تورکە لاوەکانەوە لە ساڵی (١٩٠٨)دا، کوردانی ئیستەنبوڵیش کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو گوتارەوە، یەکەم دەرکەوتەکانی تازەگەریی کوردی و لە سەرووی هەموویانەوە بیرۆکەی نەتەوەسازی لەم شارەدا سەریان هەڵدا، ئیستەنبوڵی کۆتایی سەدەی (١٩) و سەرەتای سەدەی (٢٠)، هاندەری هەوڵ بۆ بیرکردنەوە لە شوناس و نەتەوەسازی بوو، هەر بەم بۆنەیەوە و هەر لەو سەردەمەدا و بە کاریگەریی ڕۆژئاوا و دەرکەوتەکانی وەک ناسیۆنالیزم، پرسی نەتەوەسازی بەرجەستە کرایەوە.

بەرزبوونەوەی ویستی دامەزراندنی یەکەی دەوڵەت - نەتەوە لەنێوان نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و سەرهەڵدانی شوناسی نوێ لە ڕێگەی

پەرەسەندنی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمەوە، وەک دیاردەیەکی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی، پێناسەی «میللەت» بە تەواوی تووشی گۆڕانکاری بوو و چەمکی میللەت لە پێناسەی شوێنکەوتووانی ئایین بۆ سۆز بۆ خەڵک و زنجیرە نەتەوەی هاوڕەگەز و هاوبەش، بە واتایەک بۆ ناسیۆنی (نەتەوەیی) ڕۆژئاوایی گۆڕا و لە گوتاری نوێی کوردیشدا کە دەکرێت سەرەتای بۆ حاجی قادری کۆیی بگەڕێتەوە، ئەم گۆڕانکارییە دەنگی دایەوە، بە واتایەک دەستەواژە و چەمکی «میللەتی کورد» بوو بە سەرەتای سەرهەڵدانی گوتاری نوێی کوردی، دواتر لە ڕۆژنامەی کوردستان و یەکەم بازنەی ڕۆشنبیرانی کورد و یەکەم ناوەندە کوردییەکانی ئیستەنبوڵ پەرەی سەند، لە ئەنجامدا لە سەرهەڵدانی گوتاری مێژوونووسانەی کوردی، کاریگەریی بەرچاوی هەبوو.

مەبەست لە گوتاری مێژوونووسانە، واتە بە گوتارکردنی مێژوو، لەم دۆخەدا مێژوونووس دەیەوێت لە ڕێگەی مێژوونووسی و مێژوونووسییەوە هەوڵ بۆ دروستکردنی شوناسسازی و نەتەوەسازی بدات، لێرەوە ئیتر مانای مێژوو لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ستایشی دەسەڵاتداران و شەرعیەتبەخشین بە میرەکان دەگوازرێتەوە بۆ نەتەوەسازی و شوناسسازی لە ڕێگەی مێژووسازی و ژیاندنەوەی ڕابوردوو و کۆنینەسازی، لەم حاڵەتەدا مێژوونووسی دەبێتە گوتار و دیارە ئەرکی سەرەکی گوتاریش، شوناسسازییە و لێرەوە گوتاری مێژوونووسانەی کوردی لەپێناو نەتەوەسازیدا سەر هەڵ دەدات.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت جیا لە باسکردن لە گوتاری مێژوونووسانەی کوردی، گوتارناسیی «غونچەی بەهارستان» وەک یەکەم هەوڵی گوتاری مێژوونووسانەی کوردی، تیشک بخرێتە سەر ئەو هەوڵانەی بۆ نەتەوەسازی لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوە، یان لانیکەم ئۆتۆنۆمی لە ئیستەنبوڵ و سلێمانی هاتە ئاراوە.

**یەکەم هەوڵەکانی مونەوەران و سیاسەتمەدارانی کورد لەپێناو نەتەوەسازیدا:**

**لە ئیستەنبوڵەوە تا کوردستانی عێراق:**

ئەستەمترین پرس سەبارەت بە کورد لە ساڵی (١٩١٨)دا ئەوە بوو کە ئایا بەڕاستی ئەمانە نەتەوەن، یان وەک نەتەوە خۆیان پێناسە دەکەن؟ کورد بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی ئیمپراتۆریاوە نەیاندەتوانی شانازی بە مێژووی ڕاستەقینە، یان ئەفسانەیی خۆیانەوە بکەن. (لایان، ١٣٧٣:٥٧)

دەرکەوتنی دیاردەکانی مۆدێرنیتە و ڕەوتی چاکسازی لە عوسمانی بە تایبەت چاکسازیی «سەردەمی تەنزیمات» (١٨٣٩-١٨٧٦)، تێکڕای لەسەر ویستی دەسەڵاتداران و سیاسەتمەداران و بە واتایەکی دیکە لە لایەن ناوەندی دەسەڵاتەوە جێبەجێ کرا.

یەک لەو دەرکەوتە بەرچاوانەی ڕەوتی چاکسازی سەر بە دەسەڵات، سەرهەڵدانی چینێکی نوێ لەنێوان کەسایەتییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتدا بوو کە خوازیاری ڕیفۆرمی سەرەکی لە بواری حکوومەتداریتی بە شێوازی ڕۆژئاوایی بوون. ئەم چینە، واتە «مونەوەرولفیکران»ی تازە سەرهەڵداوی تورک، نزیک بە (٣٠) ساڵ پاش ڕاگەیاندنی «خەتی شەریفی گوڵخانە» (٧) لە سەردەمی تەنزیماتدا، بە فەرمی بوونی خۆیان وەک یەکەم بەرەی مونەوەرولفیکری تورک لە ساڵی (١٨٦٥)دا بە دامەزراندنی دەزگای «ئیتیفاقی حەمیەت» ڕاگەیاند. (Mardin, 2000.:11)

دەستەی مونەوەرولفیکری تازە سەرهەڵداوی عوسمانی، خاوەن گوتاری شوناسخوازانەی

«توورانی» و «تورکی» بوون، لەژێر نێوی «جەمعییەتی ئیتحادیی عوسمانی» نێوبانگیان دەرکرد. (انتخانی، ١٣٩٢ :١٢٤-١١٨)

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی چاکسازی و بەرجەستەکردنەوەی گوتاری شوناسخوازی لەسەر دەستی مونەوەرولفیکرانی تورک و کەمینەکانی دیکەی عوسمانی، ئیتر «شاری ئیستەنبوڵی ئەو ڕۆژە بوو بە جێگەی کۆبوونەوەی هەموو ئازادیخوازەکانی وڵاتانی عوسمانی لە کورد و عەرەب و ئەرمەن و نەتەوەکانی ئەورووپای خوارووی ڕۆژهەڵات» (محەمەدی مەلا کەریم، ١٣٩٠ :٩) هەر بەم بۆنەیەوە «کوردێکی زۆر لە ناوچە و پارچە جیاجیاکانی کوردستانەوە ڕوویان لە ئیستەنبوڵ کرد و پێناسەی عەشایەری و ناوچەیی خۆیان خستە لاوە و کەوتنە پشکنینی ئەتنیکی و گەڕان بەدوای بنچینەی نەتەوەییدا» (ئەڵاکۆم، ٢٠٠٥ :٨)

بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاوی کورد لە ئیستەنبوڵ و پەرەسەندنی گوتاری تازەگەری و زاڵبوونی گوتاری شوناسخوازی، ئەم دۆخە کاریگەری و کارتێکەری کردە سەر کوردانی نیشتەجێی ئەو شارە و هەر لەم شارەشدا بوو کە یەکەم بەرەی مونەوەرلفیکری کورد، واتە سەید عەبدولقادر، ئەمین عالی بەدرخان، ئەحمەد ڕەمزی، محەمەد شوکری، پیرەمێرد و مەولانزادە ڕەفعەت و لە پێش هەمووشیانەوە حاجی قادری کۆیی سەری هەڵ دا.

ئامادەبوونی حاجی لە ئیستەنبوڵ هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم بەرەی مونەوەرولفیکرانی عوسمانیدا لە ئیستەنبوڵ (١٨٦٥)، سەرهەڵدانی مونەوەرولفیکرانی کەمینەکانی نێو ئیمپراتۆریەت کە لەژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییدا (٨) کاریگەریی بەرچاویان لەسەر گوتاری حاجی قادری کۆیی هەبوو. حاجی قادر بەپێی پێویستی کۆمەڵگەی کوردی کە کۆمەڵگەیەکی عەشیرەتی، نەریتی و شپرزە و لەمانەش گرنگتر بێ دەسەڵات و نەشارەزا بوو، زەروورەتی نەتەوەسازی و دەربازبوونی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا هەست پێ کرد و بۆ یەکەم جار لە لایەن ئەوەوە پرسی نەتەوەسازی بەرجەستە کرا (٩).

پاش حاجی هەوڵ بۆ نەتەوەسازی لە لایەن مونەوەرانی کوردی ئیستەنبوڵەوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی وەک ڕۆژنامەی کوردستان (١٩١٢)، ڕۆژی کورد (١٩١٣)، هەتاوی کورد (١٩١٣)، ژین (١٩١٨)، دامەزراندنی چەندان ڕێکخراو و ناوەندی وەک: «جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی» (١٩٠٨)، «تەعالیی کوردستان» (١٩١٨)، «کۆمەڵەی هێڤیی قوتابیانی کورد» (١٩١٢)، بە تایبەت «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان» (١٩١٨- ١٩٢٢) درێژەی پێ درا.

سەرەڕای هەوڵی چەندان دەیەی مونەوەرانی کورد لە ئیستەنبوڵ لە ڕێگەی ڕۆژنامە و دامەزراندنی چەندان ڕێخراوی فیکری و سیاسی کە هاوکات بوون لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی قەومی و زاڵبوونی گوتاری شوناسخوازی، گرنگتر لەوەی هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرسانی یەکەم جەنگی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨)، کە دەرفەت بۆ نەتەوەسازی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوە، ساز کرابوو، بەڵام هەوڵی مونەوەرانی کورد بۆ نەتەوەسازی، بە ڕاگەیاندنی کۆتایی خەلافەت و سەرکەوتنی کەمالیستەکان لە ساڵی (١٩٢١)دا، بە تایبەت ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیای نوێ لە ساڵی (١٩٢٣)دا، کۆتایی پێ هات.

بە کوتایی هاتنی خەونی نەتەوەسازی لە ئیستەنبوڵ، ویلایەتی مووسڵ، بە تایبەت شاری سلێمانی بوو بە وێستگەی دووەمی هەوڵ بۆ

نەتەوەسازیی مونەوەران و سیاسەتمەدارانی کورد، گەڕانەوەی مونەوەرانی سلێمانی نیشتەجێی ئیستەنبوڵ بۆ سلێمانی و شکستی عوسمانی و بڕیاری کۆبوونەوەی قاهیرە لە ساڵی (١٩٢١)دا، ئەو هیوایەی ژیاندەوە، (فرامکین، ١٣٩٦: ٤٨٩) کە هێشتا دەرفەت بۆ نەتەوەسازی لەپێناو بوون بە دەوڵەت لە بەشێکی دیکەی کوردستاندا لە ئارادایە، کەواتە پاش کۆتایی هەوڵەکانی یەکەم ناوەندی مونەوەری کورد لە ئیستەنبوڵ، بەهۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بڕیاری زلهێزەکان بۆ دابەشکردنی عوسمانی، ڕێگە بۆ سەلماندنی نەتەوەبوونی کورد لە ویلایەتی مووسڵ و ناوچە کوردنشینەکانی مووسڵ خۆش کرا بوو، سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ مەحموود، بڵاوکردنەوەی چەندان گۆڤاری وەک تێگەیشتنی ڕاستی (١٩١٨)، پێشکەوتن (١٩٢٠)، بانگی حەق (١٩٢٣)، ڕێکخراوی ئیستقلالی کوردستان (١٩٢٠) لەپێناو ناساندنی کورد وەک نەتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، یان ئۆتۆنۆمی و سەلماندنی نەتەوەبوونی کورد، دەکرێت وەک بەشێک لەم هەوڵانە تەماشا بکرێن.

هەوڵی ناوەندی مونەوەران و سیاسەتمەدارانی لیوای مووسڵ، بە واتایەکی دروستتر ناوەندی سلێمانی لە بڕیاری (٢٣)ـی نیسان (١٩٢٣)ـی ئینگلیز کە لیوای سلێمانی بە فەرمی وەک بەشێک لە عێراق ناساند، کۆتایی پێ هات، (مک داول، ١٣٨٣ :٣٠١ ) هەوڵی دووەم وێستگەیش بۆ نەتەوەسازی لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە لایەن مونەوەران و سیاسەتوانانەوە، تووشی شکست بوو.

پێ دەچێت جیا لە هەوڵی ئینگلیز(١٠)، سێ هۆکار لە بەردەم پرۆژەی نەتەوەسازی و بەنەتەوەکردنی کورد لەسەر دەستی مونەوەران و سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمەی دوو ناوەندی ئیستەنبوڵ و سلێمانیدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووبێت:

**١-١) یەکلانەبوونەوەی خودی مونەوەران و سیاسەتمەدارانی کورد:**

کورد لە ساڵی ١٩١٤ بۆ عوسمانی شەڕی کرد و دروشمی سەربەخۆیی کورد، بەرەی سەرکەوتووی شەڕ خستیانە نێو زاری کوردانەوە (لایان، هەمان: ٥٩)

زۆربەی مونەوەرانی کوردی نیشتەجێی ئیستەنبوڵ، هێشتا سۆزیان بۆ دەزگای خەلافەت هەبوو و خۆیان وەک بەشێک لە دەزگای خەلافەت پێناسە دەکرد، هەوڵی ئەوان لەپێناو چاکسازیدا بوو تا جیاسازی و نەتەوەسازی. بۆ وێنە ڕۆژنامەی «کوردستان (١١)» بەردەوام ڕووی لە خەلیفە بوو، کوردی بە جیا لە خەلیفە و خەلافەت پێناسە نەدەکرد، تەنانەت ڕێکخراوە کوردییەکان سەرەڕای هەندێ ئاماژە بۆ دامەزرانی دەسەڵاتی کوردی، بەڵام ئەمانیش خۆیان یەکلا نەکردبووەوە و بە وتەی «ئەمیر کامەران بەدرخان»: «زۆربەیان قاچێکیان لای عوسمانی بوو، ئەوی دیکەیان لەنێو کوردستان. ئەوان بەس دەیانویست ببنە وەزیر، نەک شتی دیکە» ( بزارسلان، ١٣٩٨ : ٢١٧)

خاڵی جێگەی سەیر لەم ئاراستەیەدا ئەوەیە تەنانەت لە دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوە تورکییەکانیش ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو(١٢) و لە حەقیقەتدا کوردبوون هێشتا بۆ ئەوان وەک «پرس»ی لێ نەهاتبوو، تەنانەت بۆ زۆربەی کورد پرسی سەرەکی سەلماندنی موسڵمانێتی و یەکڕیزی و پێوەندی لەگەڵ دەزگای خەلافەت بوو، لێرەوە ڕەنگە هەق بە «شەریف ماردینی» بێت، کە لەو بڕوایەدا

بوو، کوردایەتی لە چوارچێوەیەکی مانایی وەک «هاودڵی نەنووسراو» لە هەناوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا مانا دەکرا. (بزارسلان، هەمان: ٢١)

بە ڕاگەیاندنی کۆتایی خەلافەت و دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ لەسەر بنەمای نەتەوەی تورک، ئەو کاتەی ئیتر ئەو پێوەندییە پچڕا و کورد هەستی بە جیاوازی و زەرووڕەتی سەلماندنی نەتەوەبوونی خۆی کرد، کە وا دیار بوو ئیتر زۆر درەنگ بوو، بۆیە بە ناچاری دەستی کرد بە خەباتی چەکداری لەم ئاراستەیەدا.

شۆڕشی کۆچگیری (١٩٢١) ڕاپەڕینی شێخ سەعید (١٩٢٣) و ڕاپەڕینی بەیتی شەباب لە ساڵی (١٩٢٤)دا دەکرێت لەم سۆنگەیەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لێرەوە دووبارە هەق بە «ئەمین زەکی» بوو کە پێیوابوو «کەلیمەی جەمعییەی عوسمانیلی ئەعسابی قەومییەی هەموومانی تا دەرجەیەک خاو کردبووەوە». (زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ١)

## ١-٢) سەرقاڵبوونی کاری سیاسی و گرنگی نەدان بە بواری مێژوونووسی و فیکری:

«کورد ئاگاداری مێژووی خۆی نییە». (ڕۆژی کورد، ١٩١٣: ٤-١)

هەوڵی سەرەکی یەکەم مونەوەرانی کورد، نەتەوەسازی لەپێناو دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت -نەتەوەی کوردی، یان لانی کەم گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی بوو بۆ گەیشتن بەم ئاواتە، زۆرترین هەوڵی مونەوەرانی کوردی نیشتەجێی ئیستەنبوڵ لە بواری سیاسیدا بوو، لەم بوارەشدا بەهۆی ئەوەی مونەوەران هێشتا خۆیان یەک لا نەکردبووەوە، لەبەر ئەوەی لەباتی کاری فەرهەنگی و فیکری، زۆرتر سەرقاڵی کاری سیاسی و سیاسەتکاری بوون، دەرفەتیان بۆ تیۆریزەکردنی پرسی نەتەوەسازی، بە واتاییەک بۆ سەلماندنی نەتەوە لە ڕێگەی مێژوونووسی و گوتاری مێژوونووسانەوە نەبوو، بۆیە قەت نەیانتوانی چینی شارنشین هاودەنگ و هاوڕای خۆیان بکەن و بە واتایەک جەماوەر ڕاپەڕێنن.

هەڵبەت لە بیر نەکرێت نەبوونی مێژوونووسی و گوتاری مێژوونووسانە لە لای یەکەم بەرەی مونەوەران و سیاسەتمەدارانی کورد بە مانای کەڵک وەرنەگرتن لە مێژوو بۆ بەرهەمهێنانی مانا نەبوو، ( بوز ارسلان، ١٣٩٨: ٥١) تەنانەت جار جاریش هەندێ ئاماژەیان بە گرنگیی مێژوو دەدا، بۆ نموونە: «عەبدوڵڵا جەودەت» لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی «ڕۆژی کورد»دا لە (١٩١٣) بە وردی باس لە پێویستی مێژوو بۆ کورد و زیانی پەراوێزخستنی مێژوو لای کوردەوە دەکات و پێیوایە: «ئەو نەتەوانەی بە باشی شارەزای مێژوو و داهاتووی خۆیان نین، ناتوانن ببنە خاوەن کیانی سەربەخۆ و ئەو نەتەوانەی وا هەست بە بوونی خۆیان ناکەن، دەبنە موڵکی کەسانی دیکە» (ڕۆژی کورد، ٢٠٠٥: ٤-١)

بەڵام بە گشتی سەرەڕای هەندێ ئاماژەی مونەوەران، تەنانەت سیاسەتمەدارانی کوردی ئەو سەردەمە، بە بایەخی مێژوو و کەڵک وەرگرتن لە سیمبۆلە مێژووییەکان و هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ ئاگاداری لە ڕابوردوو و گرنگیدان بە مێژووی کوردستان، بەس بە بۆنەی ئەوەی مونەوەران و سیاسەتمەداران خۆیان زۆرتر سەرقاڵی کاری سیاسی کردبوو، دەرفەتیان بۆ بیرکردنەوە لە گوتاری مێژوونووسانە نەبوو، بۆیە قەت نەیانتوانی کەڵکی پێویست لە مێژوو وەربگرن وەک ئایدۆلۆژیای نەتەوەسازی و ڕێکخستنی خەڵکی کوردستان،

### ١-٣) بنەمای تایفی و عەشرەتی کۆمەڵگەی کوردی:

«کورد شپرزەتر و پەرشوبڵاوتر لەوەیە کە لە ئایندەدا بگەنە ڕێک کەوتن» نۆئل (مک داول، ١٣٨٣: ٢٩٨)

گەڕانەوەی مونەوەرانی وەک «پیرەمێرد» و «زەکی بەگ» بۆ کوردستانی «عێراق»، کاریگەریی کەشوهەوای فیکری ئیستەنبوڵ، شکستی عوسمانی لە ساڵی (١٩١٨)دا و بۆشایی دەسەڵاتی عوسمانی و سەرهەڵدانی شێخ مەحموود، زەمینە بۆ نەتەوەسازی هاتە ئاراوە و بوونی چەندان ڕۆژنامە و گۆڤاری وەک، بانگی کوردستان (١٩٢٢)، ڕۆژی کوردستان (١٩٢٢)، ئومێدی ئیستیقلال (١٩٢٣) و پێشکەوتن (١٩٢٠)، ئەم دەرفەتەی بەهێز کردبوو، بەڵام لەبەر ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری، کێشەی فەرهەنگی و بنەمای تایفی و عەشرەتی کۆمەڵگەی کوردی، ئەو دەرفەتەش ئەنجامی گونجاوی نەبوو، چونکە جیا لە دۆخی نەخوێندەواری کۆمەڵگەی کوردی «سۆز و هەستی یەکڕیزی و یەکێتی زۆرتر بۆ تایفە و عەشرەت بوو، تا نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری». (مک داول، هەمان: ٢٩٨) بەم واتایەی کە بنەمای تایفی و عەشیرەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمە، هۆکار بوو بۆ ئەوەی لە ساڵی (١٩٢٣)دا «ئەدمۆندز» لە ڕاپۆرتێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز بنووسێت: «کێشەی کورد یەکێتی و یەکدەنگی بۆ سەرۆکایەتی بوو، ئەگەر زاخۆ، دهۆک، سلێمانی، کفری و خانەقین، پێش ساڵی ١٩٢٣ یەکڕیز دەبوون، نە بەریتانیا و نە عێراق و نە هیچ وڵاتێکی دیکە نەیدەتوانی بەر بە سەربەخۆیی کورد بگرێت». (فیلد هاوس، ١٣٧٠ : ٦٥)

بەم وەسفە دەکرێت بڵێین بنەمای تایفی کۆمەڵگەی کوردی، نەبوونی مونەوەران و سیاسەتکاری یەکەم بەرەی مونەوەرانی کورد، سێ بەربەستی سەرەکی لە بەردەم هەوڵی نەتەوەسازیی مونەوەرانی کورددا بوو، بۆیە پاش سەرکەوتنی کەمالیستەکان لە تورکیا و واژۆکردنی بڕیارنامەی لۆزان، هیوای نەتەوەسازی کۆتایی پێ هێنرا، لێرەوە پرسی نەتەوەسازی لە دوو ڕەوتی شۆڕشی چەکداری(١٣) و ڕەوتی مێژوونووسی درێژەی پێ درا، بە واتایەک هەوڵی شکستخواردووی دەوڵەت- نەتەوەی کورد لە لایەن مونەوەرانی کوردەوە لە بواری مێژوونووسی درێژەی پێ درا و پێویست بوو ئیتر پرۆژەی بەنەتەوەبوون، یان تەنانەت بەدەوڵەتبوونی کورد لە کتێبی مێژوویی مسۆگەر بکرێت، هەر لەم ئاراستەیەوە نووسینی مێژووی «غونچەی بەهارستان» وەک سەرەتای گوتاری مێژوونووسانەی کوردی لەسەر دەستی حوزنی موکریانی، دەستی پێ کرد.

### گوتاری مێژوونووسانەی کوردی و «غونچەی بەهارستان»:

غونچەی بەهارستان، یان «جێ لێ دەرکەوتن و ژیانی و تەواو تەمەدوونی گەلانی کوردان». لە ساڵی (١٩٢٥)دا لە شاری «حەلەب» بڵاو کرایەوە. سەید حوسێن حوزنی حەسەنی، یان حوزنی موکریانی نووسەری ئەم کتێبە لە ساڵی (١٨٩٣)دا لە شاری مەهاباد لە دایک بوو (هەتاو، ١٩٥٤ :١/١٣) لە سەردەمی منداڵیدا لای بابی و خاڵەکانی فێری خوێندن و نووسینی سەرەتایی دەبێت، پاش مەرگی باوکی و بەهۆی باری سەغڵەتی ژیانەوە، لە تەمەنی دوازدە ساڵاندا ڕوو لە شارەکانی مەراغە و تەوریز دەکات، لەوێوە دەچێت بۆ «یەرەوان - یەریڤان» و دەبێت بە مامۆستای سەرماڵان، پاش ماوەیەک خاڵی دەچێت بە شوێنیدا بۆ

ئەوەی بیگەڕێنێتەوە بۆ مەهاباد، بەڵام حوزنی ناگەڕێتەوە، پاش دوو ساڵ مانەوە لە یەرەوانی پایتەختی ئەرمەنستان ڕوو لە تفلیسی پایتەختی جۆرجیا دەکات و پاش مانەوەیەکی کورت، دەچێتە شاری باکۆ. (هەتاو، ١٩٥٤-:١٧ ٢٠١٠، ١٩٦٠-١٦/ ٤)

حوزنی پاش مانەوەیەکی کورت لە باکۆوە دەچێت بۆ ئیستەنبوڵ و چوار ساڵ لەو شارە دەمێنێتەوە و سەرقاڵی خوێندنی بەرهەمە مێژووییەکان دەبێت، لە ڕێگەی «مۆرچیەتی و خۆشنووسی»یەوە ژیانی دابین دەکات، هاوکات بە زمانی فارسی وتار بۆ دوو گۆڤاری «خاوەر» و «چیهرەنامە» دەنووسێت. (هەتاو، هەمان : ٦/١٧)

حوزنی لە ئیستەنبوڵ شارەزای کاری ڕۆژنامەوانی و چاپخانە دەبێت، جیا لەوەش کەشوهەوای ئەو سەردەمەی ئیستەنبوڵ کاریگەری لەسەر بیر و هزر و ڕوانینی دەبێت، پاش ماوەیەک ڕوو دەکاتە شاری «حەلەب» لە ساڵی (١٩١٢)دا سەفارشی (ڕاسپاردە)ی چاپخانەیەک دەکات لە ئاڵمان، پاش سێ ساڵ، واتە لە ساڵی (١٩١٥)دا چاپخانەکە دەگاتە حەلەب و پێ دەچێت ئەو کاتە حوزنی تەمەنی نزیکی (٣٣) ساڵ بووبێت. (زەنگەنە، ٢٠٠٢: ٢٥)

حوزنی لە شاری حەلەب یەکەمین بەرهەمی مێژوویی خۆی چاپ دەکات (١٤) و هەر ئەو ساڵە، واتە ساڵی (١٩٢٥)، دێتە بەغدا و ساڵی دواتر دەچێتە «ڕەواندز»، ساڵی (١٩٣٢) ئیمتیازی ڕۆژنامەی «زاری کرمانجی» و لە ساڵی (١٩٣٥) مۆڵەتی دووەم ڕۆژنامەی، واتە ڕۆژنامەی «ڕووناکی» لە هەولێر وەردەگرێت، پاش ماوەیەک بەهۆی دوژمنایەتی هەندێک کەسەوە، دەگەڕێتەوە ڕەواندز و لەو شارەش دوژمنایەتی بە بیانووی سەیر، ژیانی بە تەواوەتی تاڵ و پڕ لە ئازار دەکات و بە ناچاری ڕوو دەکاتە کەرکووک و هەولێر و دووبارە ڕەواندز، تەنانەتلە ساڵی (١٩٤١)دا دەستبەسەر دەکرێت ( هەتاو، ١٩٥٥ :١-١٩/٦)و دەرئەنجام بە ناچاری بۆ هەمیشە کوردستان بەجێ دەهێڵێت و ڕوو لە بەغداد دەکات و تا مەرگی لە ساڵی (١٩٤٧) دا لەوێ دەمێنێتەوە (هەتاو، ١٩٥٥ :٨-٢٠/١)

حوزنی پاش نیشتەجێبوون لە کوردستانی عێراقدا، بە کاریگەری لە کەشوهەوای سیاسی ئەو سەردەمە، گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە مێژوونووسیی، ناوەندی وشیاریی نەتەوەییە و لە ڕێگەی مێژوونووسییەوە دەکرێت بەربەستەکانی بەنەتەوەبوونی کورد بسڕێتەوە، بۆیە حوزنی سەرەڕای ژیانی تاڵ و پڕ لە ئێش و ئازاری، بەردەوام بوو لە کاری مێژوونووسیی و ڕۆژنامەوانی وەک دوو پێداویستی سەرەکیی نەتەوەسازی.

**پەراوێزەکان:**

١- سەرەڕای ئەو پێشەکییە کۆمەڵناسی و دەروونناسیانەی شەرەفخان سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردی، کە بە بەراورد لەگەڵ مێژوونووسی ئەو سەردەمە، واتە سەردەمی سەفەوییەکان (١٥٠١-١٧٣٦) زۆر جیاواز و کەم هاوتایە، بەس بە بۆنەی ئەوەی مێژووی سیاسی بنەماڵە دەسەڵاتدار و میرەکانی کوردستانە، بە واتاییەک مێژووی خەڵکی کورد و کوردستان نییە، ناکرێت وەک مێژوونووسی کورد- تەوەر پێناسە بکرێت.

٢- ئەم مێژووە لە قەوارەی پاشکۆیەکدا لەسەر دەستی مەلا محەمەد شەریفی قازی و لەژێر ناوی: "زبده التواریخ لە ساڵی (١٨٠٠) و لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکاندا نووسرا.

٣- بۆ وێنە یەکەم مێژوونووسیی ناسیۆنالیستی و

نەتەوە- تەوەریی ئێران بە نێوی «مەکتووبات» لە ساڵی (١٨٦٥)دا و لەسەر دەستی «ئاخوندازدە»دا نووسرا.

٤- ئەم مەکتەبە بە شێوازی ڕۆژئاوایی و بە مەبەستی سیاسی و پەروەردەکردنی منداڵانی میرانی کورد و لەژێر گوتاری عوسمانیگەراییدا لە ئەستەنبوڵ کرایەوە.

٥- یەکەم خولی چاکسازی بە شێوازی فەرەنگی کە بە سەردەمی «گوڵی لالە» ناسراوە لەنێوان ساڵەکانی (١٧١٨-١٧٣٠) و لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم (١٧٠٣-١٧٣٠) ماوەی دوازدە ساڵی خایاند و هەندێ دیاردەی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی لە ئەستەنبوڵ دەرکەوتن (رئیس نیا، ١٣٦٨: ٦٥).

٦- میللەتە باقی مابەقا فانی/ هەر لە جافی هەتا بە گۆرانی (حاجی قادر، ١٣٩٠)

٧- هەڵمەتی چاکسازی «سەردەمی تەنزیمات» لەژێر ناوونیشانی «خەتی شەریفی گوڵخانە» لە ڕۆژی (٣)ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٣٥)دا پەسەند کرا و دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی وەک هاووڵاتی خاوەن مافی یەکسان پێناسە کران. (جی شاو، ١٣٧٠ :٢/١١٦)

٨- هاوکات لەگەڵ زاڵبوونی پرسی ناسیۆنالیزم و دیاردەی دەوڵەت- نەتەوە، شایەتی گۆڕینی مانای دوو چەمکی «میللەت» و «وەتەن» وەک دوو چەمکی ئایینی و نەریتی بۆ مانایەکی سیکۆلار و بەربڵاوتر لەپێناو نەتەوەسازیداین.

٩- دوو چەمکی میللەت و وەتەن وەک دوو چەمکی پێویست بۆ نەتەوەسازی لەپێناو دەوڵەتسازیدا بەکار هێنا، بە واتایەک لە گوتاری حاجی قادردا مانای تازەیان بەخۆوە گرت و میللەت وەک نەتەوە (nation) و وەتەنیش لە زێدەوە بۆ نیشتمان و ژینگەی نەتەوەی کورد، واتە نیشتمان (la pattrie) گۆڕدرا. کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆبوون/ سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحێبی جەیش و عیرفان. (حاجی قادر، ١٣٩٠ : ٩٦)

١٠- ئینگلیز سەرەڕای هەندێک هەوڵ و وادە بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی، بەس بە گشتی لایەنگری چەسپاندنی کورد وەک بەشێک لە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە بوو. بڕوانە: (فیلد هاوس، ١٣٩٨ :٧٣-٧٢).

١١- بڕوانە: کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردستان، ١٩٠٨-١٩٢٠ کۆکردنەوە و پێشەکی: د. کەمال فوئاد، ژمارەکانی ١ تا ١٣. لاپەڕەکانی ٧٨-٦٣.

١٢- بۆ نموونە ڕێکخراوی «تورکە لاوەکان» کە لە ساڵی (١٨٨٩)دا لەژێر نێوی «جەمعییەتی ئیتحادیی عوسمانی» دامەزرا، دوو کەسیان واتە، ئیسحاق جەودەت و ئیسکۆتی کوردبوون - (انتخابی .١٣٩٢: ١٢٤-١١٨).

١٣- بۆ نموونە: شۆڕشی کۆچگیری ( ١٩٢١) ڕاپەڕینی شێخ سەعید (١٩٢٣) و ڕاپەڕینی بەیتی شەباب لە ساڵی (١٩٢٤)دا و شێخ مەحموود (١٩٢٢).

١٤- جیا لە کتێبی غونچەی بەهارستان، گیوی موکریانی برای، باس لە بڵاوکردنەوەی دوو کتێب بە نێوی «مێرگەی دڵان» و «گەوهەرییەکانی تاریخ کوردان» لە حەلەب لە لایەن (حوزنی) یەوە دەکات. (هەتاو، ١٩٥٥ :٢٠/٨) بەس خودی حوزنی لە کۆتایی کتێبی (غونچەی بەهارستان) دا ئاماژە بەم دوو کتێبە ناکات و تەنیا ئاماژە بە کتێبێکی مێژوویی بە نێوی گەوهەرییەکانی تاریخی کوردان دەکات کە ئامادەی بڵاوکردنەوەیە. (حوزنی، ٢٠٠٧: ٩٥)